# وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵ و کۆنە ڕۆشنبیرانی چەپی کورد

عەلی مەحمود محەمەد

**2005-10-24**

شاعیرێك كە شەعیری بۆ دەست و قاچی براوی دكتۆر گاراو سەلام عادیل دەنووسی , ئەمڕۆ وەك هەڵەچن بەدوای ئەو وشانەدا دەگەڕێت كە بۆنی چەپ بوون و چەپخوازییان لێ دێت , تاكو لە دیوان و شیعرەكانی بسڕێتەوە , بۆ ئەوەی دەرگایەك لە مۆدێلی سیاسی ئەمڕۆ لەخۆی بكاتەوە , كورسییەك بەتاڵ لە سیاسەت پڕ بكاتەوە . نازانێت تەنانەت دوژمنانیش , دوژمنە بە هەڵوێستەكان خۆیان خۆشتر دەوێت لەوانەی تف لە بیرو باوەڕی ڕابردووی خۆیان دەكەن , ئەوەی ڕابردووی خۆی بسڕێتەوە , ئامادەشە لەگەڵ هەر گۆڕانێكدا ئەمڕۆش بداتە بەر لووشكە .

نازانم لە كوردستان چەندن ئەوانەی دوێنێ چەپ بوون و ئەمڕۆ هەڵگەڕاونەتەوە , دوێنێ بەسەر گرامشی و گۆركیا هەڵیان دەدا ئەمڕۆ دەرویشی كورسی و دۆلارن ؟ , وەلێ ئەوەندە دەزانم لەم كوردستانە , دوێنی هەموو شتێك بۆن و ڕەنگی چەپی گرتبوو , ئەمڕۆ هەمووی ڕەنگی چاوی سەوزی دۆلار , دوێنێ شیعر و چیرۆكەكان بە خوێنی سوور دەنووسران , ئەمڕۆ بە ڕەنگی ماستاو .

ئێستاش لە زانكۆ هەرە گەورەكانی جیهان بە ئەمەریكای مەكارتییشەوە , گەورە توێژەرەوان و نووسەران لە سەرچاوەی ماركسیزم ئاو دەخۆنەوە , یاخود هەر نەبێت نەیاری سەرسەختی سستەمەكانن , بەلام لە وڵاتی قانعی گیرفان بەتاڵدا , گیرفانی زۆربەی نووسەران پڕ كراوە , لێ لە هەولوێست و ویژان داچۆڕاون . نەك هەر ئەمڕۆ دەفرۆشرن , بەڵكە ڕابردووی خۆشیان هەڕاج ئەكەن . ئەوەی ڕابردوو نەفرۆشێت , بە فرۆشتنی كالای ئەمڕۆ فریا ناكەوێت .

ئەگەر ئەم ئاشبەتاڵە ڕۆشنبیرییەی ئەمڕۆ , كۆنە چەپە ڕۆشنبیرەكان كورد دەیكەن , بەسەر جیهاندا زاڵ بووایە , ئەوا نەك دەبوایە چەپڵەمان بۆ كۆتایی مێژوو لێبدایە , دەبوایە لە جیهاندا شایی و لۆغانمان بۆ كۆتایی ویژادان و بەرخودان و خۆڕاگریش بكردبایە .

لە ساڵی **1996** وە بۆ ئەمڕۆ , لە كۆی **10** وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب , كە بە گرنگترین پاداشتەكانی(جیهان) و نۆبڵ دەناسرێتەوە , شەشیان ئەوروپی بوونە , لەو شەشە سێیان ئەندامی پارتە كۆمۆنیستەكانن ( جلینیك لە نەمسا ,خۆزیە سارامغۆ لە پورتگال , ئاریۆ فۆ لە ئیتالیا ), هەروەها هەردوو شاعیر ویزلافا سیمبۆرسكای پۆڵەندی و ئیمەر كیرتزی هەنگاری ئەندامی پارتی كۆمۆنیستی وڵاتەكانیان بوون , تاكو ئێستاش نەك دیوانە شیعرییەكانیان پاكسازی وشە چەپانییەكان نەكردووە , بەڵكە هەر بە ئاوازی كۆن دەنووسن , لە **5** وەرگرەكەی دیكەی خەڵاتی نۆبڵ گۆنتەر گراسی تێدایە , ئەو نوسەرەی ئاخ و ناسۆرەی قولی هەڵكێشا بۆ ڕوخانی دیواری بەرلین و یەكگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا .

هەردوو براوەی نۆبڵ ڕۆماننوس جی ئێم كۆیتزی و غوا زینغ جیانغ , ئیلتزامی هێڵی سیاسیان نییە . لەناو هەر **10** براوەكەی نۆبڵ دەتوانین تەنها ڤی ئس نایبۆل ی بەریتانی بە هەڵگری باوەڕی ڕاست بزانین , وەك چۆن پنتەری وەرگری نۆبڵی ئەمساڵ بە چەپ دەزانین .

سارتەر پێش پەنجا ساڵ لەمەوبەر وتی : ئەوەی چەپ نەبێت مرۆڤ نییە , كە خۆشی یەكێك بوو لەوانەی نۆبڵی بردەوە , بەهۆی هەڵوێستی بەرزییەوە وەری نەگرت , كەچی كۆنە چەپەكانی ئێمە بۆ خەلات ملی خۆیان دەشكێنن .

منیش وتەكەی سارتەر بە شێوەیەكی دیكە دووبارە دەكەمەوەو دەڵێم : تەنها چەپە مرۆڤ دۆستەكانن( نەك توندڕەوە ئسولییەكان) مرۆڤانە بیر دەكەنەوە , بۆیە چەندین كاروانی دیكەیان بۆ وەرگرتنی ئەو پاداشتە لە چەشنی ئۆرهان بامۆك بەڕێوەیە .